# چەقەڵ و عارەب

كورتەچیرۆكی: فرانز كافكا وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار كەریم

ئێمە لە مێرگەكەدا چادرمان هەڵدابوو. هاوڕێكانم خەوتبوون. عارەبێكی درێژی سپیپۆش بەلامدا تێپەڕیبوو، لە چاودێریكردنی حوشترەكان دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خەوەكەی خۆی.

لەسەرپشت خۆمدا بەسەر گیاكەدا، هەوڵمدا خەوم لێبكەوێت، نەمتوانی، چەقەڵێك لەدوورەوە لوراندی، دیسان هەستامەوە و ئەوەی كە دووربوو لەناكاو نزیكتربووەوە. چەقەڵەكان لە چواردەورم ڕیزیان بەست، چاوە خەواڵوەكانیان وەك زێڕ دەدرەوشانەوە و پاشان خامۆشدەبوون، جەستە باریكەلەكانیان، ڕێك و لەسەر ڕیتم دەبزوان، وەك ئەوەی لەژێر هاژەی قامچیدابن.

چەقەڵێك لەپشتەوە هات، لووتی دەژەنییە ژێر باڵم، پاڵی پێوەدەنام، وەك ئەوەی پێویستی بە گەرمایی من بێت، پاشان لەپێشم هەڵوەستا و چاوی بڕیە نێو چاوم و كەوتە قسە:

"من پیرترین چەقەڵی ئەم دەڤەرەم و زۆر شادمانم كە بۆ دواجار پێتگەیشتم. خەریك بوو ئومێدم لەدەستدەدا، پاش ئەوەی بۆ چەندین ساڵی بێشومار چاوەڕوانت بووین. دایكم چاوەڕوانی كردیت، دایكی ئەویش، هەروەها هەموو داپیرەكانمان هەتا دەگاتەوە سەر یەكەم دایكی هەموو چەقەڵەكان. بەڕاستمە، بڕوام پێبكە."

"جێگای سەرسامییە"، من پێمگوت. لەبیرمچوو كۆتەرەكان ئاگربدەم، كە بۆ قانگدانی چەقەڵەكان ئامادەكرابوون. "شایانی سەرسامیی زۆرە بۆ منێك كە تەنها بە ڕێكەوت لەوپەڕی باكورەوە هاتووم و تەنها گەشتێكی كورت بە وڵاتی ئێوەدا دەكەم. پێمبڵێ، ئێوەی چەقەڵ چیتان دەوێت؟"

وەك بڵێی ئەو پرسیارە زۆر دۆستانەیەی من پاڵیپێوەنابن، بازنەی چەقەڵەكان لە دەورم تەسكتربووەوە، هەموویان دەمداپچڕاوو هانكە هانكیان بوو. "دەزانین" بەساڵاچووەكەیان كەوتە قسە، "كە تۆ لە باكورەوە هاتوویت، ئەوەش شتێكە كە ئێمە كردوومانە بە بنچینەی ئومێدەكانمان، ئێوەی باكوریی جۆرە ژیرییەكتان هەیە كە لەنێو عارەبدا بوونی نییە. تۆزقاڵێك ژیریی چییە، ڕێگەم بدە پێتبڵێم، لە لووتبەرزیی ساردوسڕیان هەڵناهێنجرێت. ئاژەڵ دەكوژن تا بیخۆن و قێزیان لە گۆشتی مردارەوەبوو دێتەوە."

"ئەوەندە دەنگ هەڵمەبڕە" گووتی من، "لەم نزیكانە عەرەب خەوتوون"، "تۆ بەڕاستی نامۆیت بەم شوێنە"، چەقەڵەكە گووتی، "دەنا دەتزانی، كە هەرگیز لە مێژووی جیهاندا ڕوونەداوە چەقەڵ لە عارەب بترسێت. ئیتر ئێمە بۆ سڵیان لێبكەینەوە؟ ئەو بەدبەختییە بەس نییە كە ئێمە لەنێو بوونەوەری ئەوهادا تاراوگەبووین؟"

"لەوانەیە، لەوانەیە" گووتی من، "كێشەی لەم جۆرە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مندان، من توانام نییە دادوەریی بكەم، بۆ من وادەردەكەوێت كە ململانێكەتان زۆر دێرین بێت، مەزەندە دەكەم لە خوێنتانا بێت، لەوانەشە كە هەر بە خوێنیش كۆتایی بێت".

"تۆ زۆر زرنگیت" چەقەڵە بەتەمەنەكە گووتی. ئەگەرچی ڕەق ڕاوەستابوون، هەناسەی هەموویان خێراتربوو، هەوا لە سییەكانیانەوە فیچقەی دەكرد. بۆگەنێك، كە هەندێك جار ناچاردەبووم ددان بەخۆمدا بگرم بۆ چەشتنی، لە لمۆزی داپچڕاویانەوە هاژەی دەكرد. "تۆ زۆر ژیریت، ئەوەی ئێستا گووتت هاوڕای دابونەریتی كۆنی ئێمەیە. واتا پێویستە ئێمە خوێنیان بڕێژین، ئەوكات ململانێكە كۆتایی دێت."

"ئەها" گووتی من، زۆر زبرتر لەوەی كە خواستم، "ئەوان پارێزگاری لەخۆیان دەكەن، بە ساچمەزەن تەقەتان لێدەكەن و بەدەرزەن لارتان دەكەنەوە."

"تۆ هەڵە لێمان تێدەگەیت" ئەو گووتی، "ئەمە شکستێکی مرۆڤە، کە دیارە تەنانەت لە باکوریش هەیە. ئێمە پێشنیار ناکەین کە هەموویان بکوژین. هەموو ئاوی نیل ناتوانێت لەوە پاکمان بکاتەوە. تەنها نیگاکردنێکی گۆشتی زیندوویان وامانلێدەکات کلکمان بابدەین و بەرەو هەوایەکی پاکتر، بۆ ناوجەرگەی بیابان هەڵبێین، هەر لەبەرئەوەیە کە بیابان بیشتیمانی ئێمەیە."

هەموو چەقەڵەکانی چواردەورم، بەوانەشەوە کە تازە لە دوورەوە هاتبوون، لمۆزیان داژەنییە نێو دەستیانەوە و بە سمیان کەوتنە سڕینی، وەک بڵێی خۆیان لە بۆگەنێکی زۆر بەهێز پەنابدەن، کە منی والێکرد حەزبکەم باز بەسەر سەریاندا هەڵبدەم تا رزگارم بێت لێیان.

"کەواتە پێشنیاری چی دەکەن؟" من پرسیم، ویستم هەستمە سەرپێ، بەڵام نەمتوانی بڵندببمەوە، دوو ئاژەڵی گەنج لە پشتمەوە ددانیان ڕۆکردبووە نێو کراس و چاکەتەکەمەوە، ناچاربووم هەر بە دانیشتنوویی بەردەوامبم، "ئەمانە خزمەتکاری تۆن" چەقەڵە بەساڵاچووەکە زۆر بە ڕاشکاوی پێیڕاگەیاندم، ئەمە "نیشانەی شکۆیە". "پێویستە لێمبگەڕێن" من هاوارمکرد و ڕووم کردە چەقەڵە پیرەکە و پاشان چەقەڵە گەنجەکان. "بێگومان لێتدەگەڕێین" چەقەڵە پیرەکە پێیگووتم، "ئەگەر ئەوە خواستی تۆیە. بەڵام کەمێکی پێدەچێت، چونکە ددانیان زۆر باش ڕۆچۆتە ناوەوە، وەک لە دابونەریتی ئێمەدا باوە دەبێت هێدی هێدی کاکیلەیان شل بکەن، لەهەمان دەمدا گوێ بۆ سکاڵانامەکەی ئێمە ڕادێرە".

"ڕەفتاری ئێوە هانی نەداوم کە ئەوە بکەم" گووتی من. "لەدڵی مەگرە کە ئێمە ناکاراین" ئەو گووتی، و بۆ یەکەم جار پەنایبردە بەر دەنگە ڕاشکاوەکەی، "ئێمە بوونەوەری بەستەزمانین، جگە لە ددان هیچی دیکەمان نییە، هەرچیەک بمانەوێت بیکەین، باش یان خراپ، تەنها بە ددانمان دەتوانین بیکەین". "ئێ باشە، چیتان دەوێت؟" من پرسیم، بەبێ ئەوەی وەک پێویست هێمن ببمەوە.

"قوربان" ئەو گووتی و هەموو چەقەڵەکان کەوتنە لوورە، کە لە دوورەوە وەک میلۆدی دەنگیدەدایەوە. "قوربان، ئێمە دەمانەوێت کە تۆ کۆتایی بەم ململانێیە بهێنیت کە جیهان دووکەرت دەکات. تۆ کوتومت ئەو پیاوەیت کە پێشینانمان پێشبینییان کردوە کە بۆ ئەو کارە لەدایک دەبێت. ئێمە نامانەوێت چیتر عەرەب گێچەڵمان پێبکات، پانتاییەکمان دەوێت بۆ هەناسەدان و ئاسمانێک کە لەوان پاکبکرێتەوە، چیتر نامانەوێت مەڕ لەژێر چەقۆی عەرەبدا قاڕەی بێت، هەموو ئاژەڵێک دەبێت بە مەرگێکی سروشتی بمرێت، با چیتر دەستوەرنەدەنە کاروبارمان، هەتا کەلاکەکان نەکرێنینەوە و ئێسکەکانیان تا پاکژبوونەوە نەلێسینەوە. پاکژیی، پاکژییمان دەوێت و هیچی تر نا". چەقەڵەکان دەگریان و هەنسکیان دەدا. "چۆن دەتوانیت بەرگەی ژیان بگریت لە جیهانێکی لەم جۆرەدا، ئەی دڵ خانەدان و ڕیخۆڵە میهرەبان؟ چەپەڵیی سپی ئەوانە، چەپەڵیی ڕەشی ئەوانە، ڕدێنیان ترسناکە، خودی دیداری ئەشکەوتی چاویان وا لە کەسێک دەکەن کە بخوازێت تف بکاتەوە، کاتێک کە قۆڵیان هەڵدەبڕن، تاریکستانی دۆزەخ لەبنباڵیاندا باوێشک دەدات. کەواتە قوربان، کەواتە ئەزیزم قوربان، بە هاوکاریی مەچەکە زۆر بەهێزەکانت و بەم مقەستە ئەڵقاوئەڵق قوڕگیان هەڵبڕە!" لە وەڵامی سەر ڕاوەشانێکیدا، چەقەڵێک بەخۆی و مقەستێکی بچکۆلەی دروومانەوە بە نەرمەغار هات، مقەستێک بەلالچیدا شۆڕببوەوە کە بە ژەنگی دێرزەمان داپۆشرابوو،.

"فەرموو ئەوە مقەستەکەیە دواجار دۆزیمەوە و کاتی ئەوە هاتووە بوەستیت". هاواریکرد عەرەبە سەردارەکەی چادرگەکەمان کە ڕووەو ئێمە و بە ئاراستەی بادا دەکشا و پاشان قامچیە زەبەلاحەکەی ڕادەوەشاند.

چەقەڵەکان قووچانیان، بەڵام کەمێک دوورتر گردبوونەوە و سەریان کرد بەیەکدا، ئەوەندە خزابوونە بنباڵی یەکتر وەک ئەوە وابوو کە لەژێر زەبری بروسکەی توانای قامچیدا بە گوریسێک پێکەوەگرێدرابن و لە چیخ نرابن.

"قوربان تۆش نابگهێشت کراویت بۆ ئەم نمایشە" عەرەبەکە گووتی هاوکاتی ئەوەی بە خواستی دڵی هێندە پێدەکەنی کە پاشماوەی ڕەچەڵەکەکەی ڕێگەیان پێدەدا. "کەواتە تۆ دەزانیت کە ئاژەڵەکان بەدوای چییەوەن؟" من پرسیم، "بێگومان" ئەو گووتی "ئەوە زانیارییەکی گشتییە، هەتا عارەب مابێت، ئەو مقەستە لە بیاباندا دەسوڕێتەوە و هەر دەسوڕێتەوە هەتا ڕۆژی دوایی. دەدرێتە دەست هەموو ئەوروپیەک بۆ کاری مەزن، هەموو ئەوروپیەک تەنها ئەو مرۆڤانەن کە چارەنووس بۆی دیاریکردوون. شێتانەترین هیوایان هەیە ئەم ئاژەڵانە، جگە لە شێت هیچی دیکە نیین، شێت و پەتیارە. هەربۆیە

ئێمە خۆشماندەوێن، ئەوان سەگی ئێمەن، سەگی باشتر لە هەرکام لە سەگەکانی ئێوە. ئێستا سەیری ئەمە بکە، دوێنێشەو حوشترێک مرداربۆتەوە و منیش هێناومە بۆ ئێرە."
چوار پیاو بە کەلاکێکی قورسەوە هاتن و لە بەردەمی ئێمەدا فڕێیاندا. هێشتا نەکەوتبووە سەر زەوی کاتێک چەقەڵەکان دەنگیان هەڵبڕی. وەک ئەوەی بە گوریس ڕایانبکێشیت یەک یەک بەرەوپێش لەسەر سک دەخشان. عەرەبەکانیان لەبیرچووبوو، ڕقەکەیان لەیادکردبوو، دیمەنی باڵکێشی ئامادەگیی لەناکاوی ئەو کەلاکە بۆگەنە ئەفسوونی لێکردن. یەکێک گەیشتبووە سەر قورگی حوشترەکە، ددانەکانی دروست ڕۆکردبووە نێو دەمارەکانیەوە. وەک پەمپێکی بچکۆلانەی خاوەن خولیا کە بەوپەڕی ئومێدەوە و بێپسانەوە هەوڵی خامۆشکردنی ئاگرێکی بەبڵێسە بدات، هەموو ماسولکەکانی جەستەی بۆ ئەو ئەرکە دەبزوان و کاریان دەکرد. لەناکاو هەموویان لەسەر کەلاکەکە، کە وەک چیایەک بڵندببووەوە، هەرەوەزیان دەکرد.
ئەوجا عەرەبە سەردارەکەی چادرگەکەمان قامچیە برندەکەی ڕاستوچەپ بەسەر پشتیاندا ڕاوەشاند. چەقەڵەکان سەریان بڵندکردەوە، نیوە مەست لەخۆشیدا، عەرەبەکەیان بینی کە لەبەردەمیاندا ڕاوەستابوو، هەستیان بە چزووی قامچیەکە کرد لەسەر لمۆزیان، هەڵبەزینەوە و کەمێک بەرەودوا غاریاندا. بەڵام خوێنی حوشترەکە جۆگەلەی بەستبوو، بۆگەنی دەگەیشتە بەهەشت، کەلاکەکە لە چەندین جێگادا شەبەقی تێکەوتبوو. خۆیان پێڕانەدەگیرا، دووبارە گەڕانەوە، جارێکی دیکە سەردارەکە قامچیەکەی ڕاوەشاند، من دەستیم گرت.
"تۆ ڕاستدەکەیت قوربان" ئەو گوتی "لێیان دەگەڕێین کاری خۆیان بکەن، کاتی ئەوە هاتوە چادر دابەینەوە. ئەوە بینیتن، چەند ئاژەڵێکی سەرسوڕهێنەرن، وانییە؟ هەروەها چەندیان ڕق لە ئێمەیە!"

کۆتایی

2006/04/14

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند

سەرنج:

(1) بەپێی توانا هەوڵدراوە کە ستایلی دارشتنی ڕستەی کافکایی لەم وەرگێڕانەدا بپارێزرێت. بۆ نموونە، کافکا بەمەبەست دەڵێت "گووتی من"، چونکە لە هەندێک جێگەی تردا دەڵێت "من گووتم". دەشێت ئەمە هۆکاری ئەوە بێت کە کافکا یان پاڵەوانی چیرۆکەکە، وەک لە زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەیدا، زیندەخەونێک دەگێڕێتەوە و پێیباشە سەربەستیی وشەی "من" بپارێزێت.

(2) لە شێوەزاری زێدە شیرینی هەولێر بە عەرەب دەڵێن عارەب (کە لەسەر زار خۆشترە)، ئێمەش بۆ ڕازاندنەوەی ئەم چیرۆکە کە پێویستی بە ڕازاندنەوە نییە، هەردووک شێوەکەمان بەکارهێناوە.

سەرچاوە:

Jackals and Arabs, in the Complete Short stories by Franz Kafka, Translated to English by: Willa and Edwin Muri, New York: Vintage Classics, pp.407-411.